# ئەگەر ئەوەی ئێستا دەیزانم پێشتر بمزانیایە؛ ئەوا قوربانیم نەدەکرد، وئەگەر قوربانیم لەگەڵدا نەبووایە؛ ئەوا ئیحرام بەستنم کۆتایی پێدەهێنا

جابری کوڕی عبدالله -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵان ئیحرامیان بەست بۆ ئەنجامدانی حەج، وهیچ یەکێکیان قوربانیان لەگەڵدا نەبوو جگە لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وتەڵحە، وعەلیش -ڕەزای خوای لێبێت- لە یەمەنەوە هات، ووتی: ئیحرامم بەست هەروەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵانی، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە هاوەڵان کرد کە ئیحرام بەستنەکەیان بۆ ئەنجامدانی عومرە بێت، تەواف بکەن وقژیان کورت بکەنەوە وکۆتایی بهێنن بە ئیحرام بەستنیان، جگە لەوانە نەبێت کە قوربانی لەگەڵدایە، ووتیان: چۆن بەرەو (مینا) بچین لە کاتێکدا عەورەتی ئێمە (مەنی) لێدێتە خوارەوە؟ ئەمە گەیشت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وفەرمووی: «ئەگەر ئەوەی ئێستا دەیزانم پێشتر بمزانیایە؛ ئەوا قوربانیم نەدەکرد، وئەگەر قوربانیم لەگەڵدا نەبووایە؛ ئەوا ئیحرام بەستنم کۆتایی پێدەهێنا»، وعائیشە تووشی سووڕی مانگانە بوو، هەموو دروشمەکانی جێبەجێ کرد، جگە لەوە نەبێت کە تەوافی نەکرد بە دەوری کەعبەدا، کاتێک پاک بووەوە وتەوافی کرد بە دەوری کەعبەدا، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، هەموتان دەگەڕێنەوە بە ئەنجامدانی حەج وعومرە، ومن دەگەڕێمەوە بە ئەنجامدانی حەج؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە عبدالرحمانی کوڕی ئەبی بەکر کرد کە لەگەڵیدا بڕوا بەرەو (تەنعیم) وبۆیە عومرەی ئەنجامدا لە پاش حەجکردن.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

جابری کوڕی عبدالله -ڕەزای خوایان لێبێت- وەسفی حەجکردنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات دەڵێت: ئەو وهاوەڵانی ئیحرامیان بەست بۆ ئەنجامدانی حەج، وهیچ یەکێکیان قوربانیان لەگەڵدا نەبوو جگە لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وتەڵحەی کوڕی عبیدالله نەبێت -ڕەزای خوای لێبێت-، وعەلیش -ڕەزای خوای لێبێت- لە یەمەنەوە هات، لە نیشانەی تێگەیشتنی لە دیندا ئیحرامی بەست ونیەتی هێنا هەروەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، کاتێک گەیشتن بە مەککە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە هاوەڵان کرد کە ئیحرام بەستنی حەج هەڵبوەشێننەوە بۆ ئیحرام بەستن بۆ ئەنجامدانی عومرە، وتەواف کردن و (سەعی کردنیان) -لە نێوان سەفا ومەروادا- بە نیەتی ئەنجامدانی عومرە بێت، پاشان قژیان کورت بکەنەوە وئیحرام بەستنەکەیان هەڵبوەشێننەوە -دەستی لێهەڵبگرن- بە شێوەیەکی گشتی، ئەمە سەبارەت بە ئەو کەسانەیە کە قوربانی لەگەڵدا نەبوو. ئەوانەی ئیحرام بەستنیان بۆ ئەنجامدانی حەج هەڵوەشاندنەوە بۆ ئیحرام بەستن بۆ ئەنجامدانی عومرە ووتیان -بە سەرسوڕمانەوە وشتێکی مەزن بوو لایان-: چۆن هەموو شتێک حەڵاڵ دەبێت وجیماع بکەین وپاشان بەرەو (مینا) بچین، وتەهلیلات بکەین (زیکرەکانی حەج بڵێین)، لەکاتێکدا ئێمە ماوەیەکی زۆر نابێت وازمان لە (جیماع کردن) هێناوە؟ ئەم باسە گەیشت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە بە لایانەوە گەورە بووە وجێی سەرسوڕمان بووە لە نەفسی خۆیاندا، بۆیە دڵنیایانی کردەوە بە شتێک کە هەقی تێدایە، فەرمووی: (ئەگەر ئەوەی ئێستا دەیزانم پێشتر بمزانیایە؛ ئەوا قوربانیم نەدەکرد): چونکە ئەم قوربانیکردنە ڕێگر بوو لەوەی ڕێگەپێدراو بێت هەموو حەڵاڵکراوەکان ئەنجام بدەم، ئەگەر نا منیش وەکو ئێوە بووم، وئەمیش وایکرد ڕازی ببن ودڵنیا بن. وعائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- تووشی سووڕی مانگانە بوو کاتێک نزیکی مەککەوە بوونەوە، (حەجی قیرانی)ی ئەنجامدا چونکە سووڕی مانگانە ڕێگر بوو لەوەی تەواف بکات بە دەوری کەعبەدا، هەموو دروشمەکانی جێبەجێکرد جگە لە تەواف و(سەعی کردن) -هاتن وچوون لە نێوان سەفا ومەروا- نەبێت. کاتێک پاک بووەوە وتەوافی کرد بە دەوری کەعبەدا، شتێک لە ناخیدا مابوو، چونکە هەموو هاوەڵان لە نێوانیشیان -خێزانەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەموو دروشمەکانی عومرە وحەجیان ئەنجامدا، بەڵام ئەو عومرەی لەگەڵ حەجدا ئەنجامدا (واتا عومرەکەی بەشێوەیەکی کامڵ ئەنجامنەدا وەکو ئەوانی تر)، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، هەموتان دەگەڕێنەوە بە ئەنجامدانی حەج وعومرە، ومن دەگەڕێمەوە بە ئەنجامدانی حەج؟

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دڵنەوایی پێیدا وفەرمانی بە براکەی (عبدالرحمانی کوڕی ئەبی بەکر) کرد کە لەگەڵیدا بڕوا بەرەو (تەنعیم) وبۆیە عومرەی ئەنجامدا لە پاش حەجکردن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4550